گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دیاردەی نیوفاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا ــ عێراقی سەردەمی بەعس وەک نمونە

**م. د. هاوڕێ محمد ساڵح**
بە شی زانستە سیاسییەکان، کولیژی یاسا و رامیاری، زانکۆی نەورۆز، دهۆک، هەرێمی کوردستان، عێراق
Hawre.sorkhabi@nawroz.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٢/٢٨
پەسەندکردن:٢٠٢/١١/٢٨
بڵاو کردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*ideology, neo-fascism, Middle East, patriarchy, rentier state, religious nationalism.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.5

## پوختە

ئەم توێژینەوە باس لە شیکاری "دیاردەی نیوفاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ– عێراق وەک نمونە" دەکات و بە بەکارهێنانی تیۆری "ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا"ی سلاڤی ژیژەک، پێناسەیەکی نوێ لەم ئایدۆلۆژییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتەڕوو. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە، شیکردنەوەی سیستەمی مانایی فاشیزمی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە (بۆ نمونە عێراقی بەعس) و هەروەها شیکاری نیشاندەر و تایبەتمەندییەکانی ئەم دیاردەیە دەکات وەک ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. شیکاری و هەڵهێنجاندنی نیشاندەرەکان بە پێی زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری یان کرداری هزری بکەرانی فیکری وەک میشێل عەفلەق دەریدەخات کە فاشیزمی نوێی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر دوو تایبەتمەندی بنەمایی تەرکیز دەکات کە بریتین لە: "دژەئەویتربوون" و "هەژمونی ئەتنیکی و ڕەگەزی". ئەم دوو تایبەتمەندییە وەک خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ فاشیزمی ڕۆژئاواییدا دەستنیشان دەکرێت و لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای فاشیزمی نوێی عەرەبی خۆی دەنوێنێت. هەروەها، توێژینەوەکە تەرکیز دەکاتە سەر کۆمەڵێک نیشاندەری گرینگ وەک دەولەتی ڕانتی، سیستەمی پیاوسالار و ناسیۆنالیزمی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە دەوری نیشاندەری گەورەی "نەتەوەی عەرەب" پۆلێنبەندی دەبن و چوارچێوەی ئایدۆلۆژیکی فاشیزمی نوێی عەرەبی پێکدەهێنن.  بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی توێژینەوەکە لە میتۆدی هێماناسی کەڵک وەرگیراوە هەتاکوو مانا سەرەکییەکانی فاشیزمی نوێ کە لەوانەیە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەردەنگ ئاشکرا نەبن، دەربخرێن و پۆلێنبەندی بکرێن.

## پێشەکی

فاشیزم، وەک یەکێک لە دیاردە سیاسییە گرینگەکانی پاش جەنگی جیهانی دووەم، بابەتی مشتومڕ و تیۆری جۆراوجۆر بووە، هەرچەندە هیچ کۆدەنگییەک لەسەر پێناسە، سەرچاوە و هۆکاری سەرهەڵدانەکانی فاشیزم لە ئارادا نییە. هەندێک لە شارەزایان فاشیزم قەتیس دەکەنەوە بۆ سەر ڕژێمی مۆسۆلینی لە ئیتالیا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ بۆ ١٩٤٣ و ئەڵمانیای نازی لە ساڵی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥. بەڵام هەندێکیتر پێناسەیەکی بەرفراوانتر بۆ فاشیزم دەدەن و زۆرێک لە سیستەمە سیاسییەکان لەوانەش ژاپۆنی پێش جەنگی جیهانی دووەم و ڕژێمی فرانکۆ لە ئیسپانیا وەک سیستەمە فاشیستییەکان پۆلێنبەندی دەکەن (Thurlow,1999:1). لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە بەرفراوانەی فاشیزم، دەکرێ لە پێناسە باو و هاوبەشەکان تێپەڕین و زۆرێک لە ڕژێمە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس لە عێراق بە فاشیست ناوزەد بکەین. لەم ڕوانگەیەوە فاشیزم وەک ئایدۆلۆژیا چیتر تایبەت نییە بە ڕووداوەکانی ئیتالیای مۆسۆلینی و ئەڵمانیای هیتلەرەوە، بەڵکوو کۆمەڵێک ڕژێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. لەم توێژینەوەدا هەوڵ دەدەین بە دەرهێنانی هێما فاشیستیەکان و جومگەبەندی هێماکانی هەردوو ئایدۆلۆژیا لە دەق و بەرهەمەکانی بەعس و دەرهێنانی هێمای فاشیستی لە دەقە تیۆرییەکانی بەعس، پێناسەیەک بۆ نیوفاشیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە ڕژێمی بەعس لە عێراق بەدەست بهێنین. هەروەها ئەم پێناسەیە، بکەین بە پێوەرێک بۆ ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەن تایبەتمەندییەکانی نیوفاشیزمی عەرەبین ئەگەرچی عەرەبیش نەبن.

لەم ڕووەوە و بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی سەدەی بیستویەکدا، پێدەچێت لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە عێراق مەیلی ئایدیۆلۆژیی فاشیستی لەم حکومەتەدا خۆی نواندبێت، بۆیە دەکرا بە نیوفاشیزمی عەرەبی ناوزەدی بکەین. لەم توێژینەوەدا بە لەبەرچاوگرتنی پاشخانی بابەتەکە و تایبەتمەندییەکانی ڕەوت و حکومەتە توندڕەوە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە دەستەواژەی نیوفاشیزمی عەرەبی دەتوانێت بە باشی ئەم دیاردە سەرهەڵداوە ڕوون بکاتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی تیۆریکی ئەم دیاردەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئایدۆلۆژیاوە لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ڕژێمی بەعسی عێراق لەسەر دەقە تیۆرییەکانی ئەم بابەتە بۆ نمونە بۆچوونی میشێل عەفلەق وەک تیۆریسەینی حیزبی بەعس شیکاری دەکەین و هەوڵ دەدەین بە بەراوەرد کردنی لەگەڵ سیستەمە فاشیستیەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی (٢٠) لە خۆرئاوادا پێناسەیەکی نوێ لە نیوفاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەستەوە بدەین. بە پێی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بیرۆکە و ئایدۆلۆژیای فاشیزمی نوێ لە حکومەتە تاکڕەوەکاندا دەبینرێت، بۆیە لەم توێژینەوەدا بە قەناعەت گەیشتووین کە بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەوە بپەرژینە سەر لێکدانەوە و تاوتوێکردنی تیۆری فاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەرکیز لە سەر عێراقی بەعسی. خاڵێکی گرینگ لەم توێژینەوەدا دەبێت ئاماژەی پێ بدرێت ئەمەیە کە لێرەدا تەرکیز دەخرێتە سەر پێناسەیەک کە نیوفاشیزمی عەرەبی لە فاشیزمی ڕۆژئاوایی جیا دەکاتەوە نەک ئەوەی کە کۆمەڵێک بابەت وەک " دژە ئەویتر بوون"، " بان دەستی نەتەوەی عەرەب بە سەر نەتەوە بندەستەکان " زەق بکەینەوە و فاشیزم بە تەنیا لەم بوارەدا پێناسە بکەین. بۆیە تازەگەری ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر سێ نیشانەدەری(signifier) دەوڵەتی ڕانتییەر، پیاوسالاری نوێ و ناسیۆنالیزمی ئایینی کە تایبەتمەندی فاشیزمی نوێی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەخەن. کەواتە نیشاندەرە هاوبەشەکانی فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی و فاشیزمی ڕۆژئاوایی لێرەدا شیکاری ناکرێت.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا بریتییە، لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئایدۆلۆژیاوە، لایەنە جیاوازەکانی نیوفاشیزم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بۆ نمونە عێراقی سەردەمی بەعس) چین؟ بە پێی تیۆری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا گریمانەی توێژینەوەکە لە سەر ئەم بابەتە چڕ دەبێتەوە کە، نیشاندەرە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیای نیوفاشێزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جگە لە "دژە ئەویتربوون" و "باندەستی ئەتنیکی-ڕەگەزی" نەتەوەی باندەست، بریتین لە بوونی دەوڵەتی ڕانتی، سیستەمی پیاوسالاری و ناسیۆنالیزمی ئایینی.

ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوە لە سەر سێ خاڵ گرێ دەدەین: یەکەم: تاوتوێکردن و ناسینی فاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دووەم: بەکارهێنانی تیۆری ڕەخنەی ئایدۆلۆژی بۆ ناسینی فاشێزم لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕێگەی شێکاری بکەرانی هزری ئەم بوارە (میشێل عەفلەق

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆنمونە) سێهەم: تاوتوێکردنی پێوەندی پێکهاتە کۆمەڵایەتیی – ئابوورییەکانی بەرهەمهێنەری فاشیزم لە سەرهەڵدانی حیزبی بەعس لە عێراقدا.

لە هەر توێژینەوەیەکدا کۆمەڵێک کێشە و گرفت دەبینرێت. لێرەدا دەکرێت کێشە و گرفتەکانی توێژینەوەکە لە سەر دوو خاڵ ببەستینەوە: یەکەم، پێناسە و پۆلێنبەندی ئایدۆلۆژیای سیاسی نیوفاشیزمی عەرەبی لەوانەیە مشتوومڕ و گەنگەشەی زۆری لێبکەوێتەوە چونکوو دەستەواژەیەکی نوێیە و وەک بانگەشەیەک لەم توێژینەوەدا پێشکەش کراوە و هەتا ئێستا لە وێژەی سیاسیدا جێگیر نەبووە. دووەم، پێدەچێت قەتیس کردنەوەی نیوفاشیزمی عەرەبی لەسەر سێ نیشاندەری "دەوڵەتی ڕانتی"، "پیاوسالاری" و" ناسیۆنالیزمی ئایینی" کۆمەڵێک هۆکاریتر وەک بنەماکانی فاشیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی عێراقی سەردەمی بەعس پشتگوێ بخات و بە تەواوی پێناسەیەکی گشتگیری بۆ نەکات.

کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەم توێژینەوەدا لە ڕێگەی پەرتوکخانە و ماڵپەڕەکانەوەیە و هەروەها لە تیۆری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا و میتۆدی هێماناسی کەڵک وەرگیراوە.

**تیۆری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا وەک چوارچێوەی تیۆریی**

چەمکی سەرەکی لەم توێژینەوەدا "ئایدۆلۆژیا"یە. ئایدۆلۆژیا، وەک زۆرێک لە چەمکەکانی دیکەی جیهانی مۆدێرن، بەرهەمی سەردەمی ڕۆشنگەرییە. بە لەبەرچاوگرتنی باسی ئایدیۆلۆژیا لە بواری هزری سیاسیدا، پێویستە ئەم چەمکە بۆ شیکردنەوەی یەکێک لە میتۆدە سەرەکییەکان لە هزری سیاسیدا بەکاربهێنرێت. ئەو میتۆدانەی کە بۆ فیکری سیاسی بەکاردەهێنرێت بریتین لە دیالیکتیک، هیرمۆنیتیک، شیکاری گوتار و کۆمەڵناسی مەعریفەی کارڵ مانهایم. لەم توێژینەوەدا، "ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزمی ڕۆژهەڵاتی" لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئایدۆلۆژیایەوە (ideology critique) تاوتوێ دەکرێت. مەبەست لە ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک ڕەخنەیە کە سلاوی ژیژەک لەسەر شیکاری گوتار لە ڕوانگەی میشێل فۆکۆوە، پێشکەشی کردووە. واتە ڕەخنە دەگرێت لە شیکاری گوتار وەک میتۆد و تیۆری. ژیژەک فۆکۆ تاوانبار دەکات کە ئانتاگونیزم بەمانای ناکۆکی و دژایەتی (Antagonism) بە جیاوازی (Difference) پێناسەی دەکات. بە دەربڕینێکی دیکە کۆمەڵێک دژایەتی و ناکۆکی لە ئارادایە کە فۆکۆ بە جیاوازی هەژماری دەکات. بۆ نمونە ئەگەر لەسەر ئەم بابەتە باسی فاشیزمی

نوێی عەرەبی بکەین لە ڕوانگەی فۆکۆوە جیاوازی نێوان ئەتنیکەکان دەکرێت ڕەچاو بکەین، بەڵام ژیژەک لەسەر ئەمە کێشەی هەیە و دەڵێت بە شیکاری گوتار ناکرێت بۆ نمونە فاشیزمی نوێی عەرەبی لێکبدەینەوە چونکوو ناکۆکی و دژایەتییەکان دەکات بە جیاوازی. لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئایدۆلۆژیاوە ئێمە لە سەردەمی پاش ئایدۆلۆژیادا نین بەڵکوو لە سەردەمێکدا دەژین کە ئایدۆلۆژیا بە مانایەکی زەقترەوە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا ڕەنگی داوەتەوە ( Vighi and Feldner,2007 : 141). بەڵام بۆ ناسینی ئایدۆلۆژیا لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییە تایبەتەوە پێویستە ئاوڕێک لەسەر ئەدەبیاتی ئایدۆلۆژیا بە شێوەیەکی کورت بدەینەوە و زیاتر پێداگری بکەینە سەر چەمکی ئایدۆلۆژیا لە ڕوانگەی سلاوی ژیژەکەوە.

به بڕوای تێری ئیگڵتۆن لەم سەردەمەدا چەمکی ئایدۆلۆژیا واتایەکی نەرێنی لە خۆگرتووە و لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا ئەگەر بڵێین کەسێک ئایدیۆلۆژیک قسە دەکات، بەم مانایەیە کە بۆچوونیان بە نیسبەت پرسە جۆراوجۆرەکان لایەنگری تێدایە کە بە کۆمەڵێک گریمانەی چەقبەستوو خۆی دەنوێنێت (Eagleton,1999:1). لە ڕوانگەی مارکسەوە ئایدۆلۆژیا بە واتای وشیاریی درۆیین یان ناڕاستە (false consciousness) کە لە پێگەی چینایەتیی بکەرانی جڤاکییەوە سەرچاوە دەگرێت: واقیعی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەلارێداچوو دەخرێتە بەردەم وشیاریی بکەرانی جڤاکییەوە. لە ئەنجامدا بکەرانی جڤاکی لە ڕێگەی پێگەی خۆیان لە سیستەمی بەرهەمهێناندا ڕوانگەیەکی تاک ڕەهەندییان هەیە بۆ واقیع (Suretsky,1981:29).

یەکێکتر لە بیرمەندە ناسراوەکانی ئەم دواییانە سلاوی ژیژەکە. ئەو وەک ئاڵتووسێر پێداگری دەکات لە سەر پەیوەندی خەیاڵی فۆڕمە سیمبۆلیکە – کۆمەڵایەتییەکانی چین/ توێژ و ڕەگەز(Althusser,1998:52). بەڵام ژیژەک بەپێچەوانەی ئاڵتووسێر لە سەر ئەم باوەڕەیە کە ئایدۆلۆژیا فۆڕمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی تێدەپەڕێنێت. لەم دۆخەدا ئایدۆلۆژی پاڵپشتی لەو ناکۆکیگەلە دەکات کە لەگەڵ خۆیاندا درۆ دەکەن(zizek,2008: xxx-xxxi). ئایدۆلۆژیاکانی ناسیۆنالیزم و ڕەگەزپەرستی جۆرێکن لە فانتێزیای کەلتووری، بەو ئەنجامەی کە فۆرمەکانی چێژبردن بەردەوام ڕەوتی توندووتیژی و کوشتن و پاکتاوکردنی نەتەوەیی لە نەستدا دەجولێنن. ژیژەک تەقینەوە و هەڵقولانی پتری ناسیۆنالیزمی نوێ و فۆبیایی بێگانە ئەتنیکی لە سەرانسەری ئەورووپا لە ساڵانی نەوەدەکاندا وەک نمونەیەکی ڕوونی ئەم گۆڕانکارییە دەبینێت. لە ڕوانگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیژەک ڕەگەزپەرستی جۆرێکە لە ئاڵووگۆڕی دەرەکی کە مرۆڤەکان ناتوانن وەری بگرن لە نێو خۆیاندا(کریمی،١٣٩٠، ١٤٦ ).

بە بڕوای ژیژەک، گرینگترین تایبەتمەندی ئایدۆلۆژیا لە لایەن مارکسەوە لەم ڕستەی خوارەوەدا هاتووە: " ئەوان تێناگەن بەڵام ئەو کارە دەکەن". لەم پێناسەدا چاوپۆشی‌کردن لەو واقیعەی کە تێیدا دەژین، گرینگە. لە لایەکەوە واقیعێک لە ئارادایە و لە لایەکیترەوە تێگەیشتنی ئێمە لەو واقیعە بە لارێدا چووە. ئایدۆلۆژیا ڕێک ئەم بەلارێدا چوونەیە (distortion) کە کاریگەری دادەنێت لە سەر تێگەیشتنی ئێمە (Myers,2004:64).

کەواتە لە سەر ئەم ڕێچکەی ژیژەک لە سەر ئایدۆلۆژیا دەکرێت سەبارەت بە حکومەت و ڕەوتە تاکڕەو و توندووتیژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەم بابەتە ئاماژە بدەین کە ئەوان دەزانن بە هەنگاوێک یان ڕەفتارێک کە لە خۆیان دەنوێنن، لە وەهمدان بەڵام بەردەوام سوورن لە سەر جێبەجێ کردنی ئەو کردارانە (کریمی، سەرچاوەی پێشوو:١٤٧).

بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر بنەما تیۆرییەکان و توخمە سەرەکییەکان کە لەم توێژینەوەدا خراوەتەڕوو، ئێستا دەتوانین جیاوازییەکانی نیوفاشیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەرەبی) و فاشیزمی ڕۆژئاوایی بکۆڵینەوە. خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئایدۆلۆژیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بەعسیزم) و نازیزم و فاشیزم لە پلەی یەکەمدا بریتین لە دژە ئەویتربوون، ڕەگەزپەرەستی و توندووتیژی؛ بەڵام جگە لەم بابەتە ئاماژەپێدراوانە، هەوڵ دەدەین لە ڕوانگەیەکی بەرفراوانترەوە ئاماژە بە هەموو ئەو لایەنە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانە بدەین کە ئاماژەن بۆ توندووتیژی و ڕەگەزپەرەستی و نەتەوە پەرەستی. ناتوانین نکۆڵی جیاوازی ئایدۆلۆژیای بەعس یان ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای فاشیزم و پارتە فاشیستەکانی ئەورووپا بکەین. لێرەدا هەوڵ دەدەین بەدواداچوون بۆ جیاوازی نێوان ئەم دوو ئایدۆلۆژیایە بکەین، واتە چارەسەری ئەو خاڵە بکەین کە ئەم ئایدۆلۆژیانە لە کام چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن.

ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، جیاوازی نێوان فاشیزمی عەرەبی و فاشیزمی ڕۆژئاوا باس دەکەین. ئەگەر فاشیزم بە دیاردەیەکی گشتی بزانین، واتە دیاردەیەک کە تایبەت نییە بە جوگرافیایەکی دیاریکراو، ئەگەری ڕوودانی لە هەموو شوێنێکدا هەیە،

بۆیە دەکرێت لە سەر ئەم دیاردەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکۆڵینەوە جیاوازییەکانی لەگەڵ فاشیزمی ڕۆژئاوایی دەربخەین. لێرەدا سێ نیشاندەری سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زنجیرەیەکی ماناییدا- وەک ئەوەی ژیژەک باسی پەیوەندی نیشاندەرەکان لەگەڵ یەکتر دەکات- دەبنە هۆی فاشیزم و خۆیان لە فاشیزمی ڕۆژئاوایی جیا دەکەنەوە کە بریتین لە: دەوڵەتی ڕانتی (Rentier state)، پیاوسالاری نوێ(The new patriarchy)، ناسیۆناڵیزمی ئایینی. لەمڕووەوە هەر سێ نیشاندەرەکە بە شێوەیەکی ورد لێکدەدەینەوە هەتا ناوەڕۆک و ناونیشانی فاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخەینە ڕوو. هەر دوو نیشاندەری دەوڵەتی ڕانتی و پیاوسالاری نوێ بە پێی ناسین و تاوتوێکردنی زەمینە سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عێراقی بەعس) بۆمان دەردەکەون و وەک نیشاندەرەکانی فاشیزمی نوێی عەرەبی دێنە هەژمار و هەروەها نیشاندەری ناسیۆنالیزمی ئایینی لە ڕێگەی شیکاری دەق و قسەکانی میشێل عەفلەق وەک تیۆریسیەنی حیزبی بەعس بە پێی تیۆری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا و میتۆدی هێماناسی لە دەوری نیشاندەری گەورەی "نەتەوەی عەرەب" پۆلێنبەندی دەکەین.

## میتۆدۆلۆژی:

پرسیارێک ژیژێک سەبارەت بە ئایدۆلۆژی دەوروژێنێت ئەمەیە: کە چ شتێک سنوور و مانای ئایدیۆلۆژیا ڕێک دەخات؟ لە ڕاستیدا لەم بوارەدا ئەم پرسیارە بەم شێوە دەخرێتەڕوو کە لەبەر ئەوەی  نیشاندەرەکان ناجێگیرن و ڕووبەڕوویی سواندن و خزاندنی ماناکان دەبنەوە، کەواتە چۆن ئایدۆلۆژیا یەکپارچەیی و یەکڕیزی خۆی دەپارێزێت؟ لێرەدا ژیژەک وڵام دەداتەوە کە هەر سنوور و بەستێنێکی ئایدۆلۆژیک لە ڕێگەی چەمکێکی لاکان کە پێی دەڵێن (point de capiton) جێگیر دەبێت. لە ڕاستیدا هەر ئایدۆلۆژیایەک لە ڕێگەی (point de capiton) جێگیر دەبێت و خۆی لە بەرامبەر ئایدۆلۆژیایەکانیتردا پێناسە دەکات(کریمی، سەرچاوەی پێشوو:٤٦).  تیۆری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا، سەرەڕای خاڵە بەهێزەکانی لە بواری پراکتیکدا، کاتێک وەک تیۆرێک بۆ ناسینی جۆرەکانی ئایدۆلۆژیا بەکاردێت، میتۆدۆلۆژییەکی دیاریکراویی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکاندا نییە. بۆیە لەم توێژینەوەدا دەستەوداوێنی میتۆدی هێماناسی ڕەخنەگرانەی لاکان بووین. هێماناسی لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر " هێما ئایدۆلۆژیکەکان" و " ئایدۆلۆژیاکان وەک سیستەمی هێمایین" دەناسێت(Noth,2004:11). لاکان لەسەر ئەم بڕوایە کە ماناکان هەتا ڕادەیەک لێکترازاو و گەڕۆکن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە جێگۆڕکێی کۆمەڵێک نیشاندەر ڕوو دەدات.(Lacan,1997: 31-115 ) کەواتە نیشاندەرەکان خۆیان لە بەرامبەر ماناکانی خۆیاندا پێناسە ناکەن بەڵکوو خۆیان لە بەرامبەر نیشاندەرەکانیتر پێناسە دەکەن، بۆ نمونە نیشاندەری دەوڵەتی ڕانتی لە ئایدۆلۆژی نیوفاشێزم خۆی لە بەرامبەر نیشاندەری پیاوسالاری پێناسە دەکات نەک لە بەرامبەر ماناکانی (مەدلول) دەوڵەتی ڕانتی. کەواتە ماناکان لێرەدا فیکس نین بەڵکوو بگۆڕن.
بە گشتی ئەم میتۆدە یارمەتیمان دەدات هەتا نیشاندەرە گەڕۆکەکان (floats) لە دەوری نیشاندەری گەورە کۆ بکەینەوە و هەروەها ئەو کۆمەڵە نیشاندەری کە لەم توێژینەوەدا وەک دەوڵەتی ڕانتی یان پیاوسالاری و ناسیۆنالیزمی ئایینی ئاماژەی پێدراوە لە دەوری نیشاندەری گەورەی نەتەوەی عەرەب ڕێکبخەین.

**١- دەوڵەتی ڕانتییەر**

تۆمس فریدمان لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە لێکۆڵینەوەیەک لە سەر وڵاتانی هەناردەکەری نەوت، کە پەیوەندی بە نێوان داهاتی نەوت و دیموکراسی هەیە، ئەم بابەتە وەک یەکەم یاسای پترۆپۆلەتیکی لێکدەداتەوە. ئەو ئاماژە دەدات کە پەیوەندییەکی مانابەخش لە نێوان ڕادەی ئازادییە سیاسییەکان و داهاتی نەوت لە وڵاتانی هەناردەکەری نەوتدا هەیە. فریدمەن پێی وایە کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت لەو وڵاتگەلە، ئازادییە سیاسییەکانیش بە توندی دادەبەزێت واتە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان ئەم دوو فاکتەرە دەبینرێت. فریدمان ئەم تیۆرییە وەک یاسای یەکەمی پترۆپۆلەتیک ڕەچاو دەکات. (Friedman,2006: 34) ئەم تیۆرییە زۆربەی کارناسانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە.

لە ڕاستیدا هەر دەوڵەتێک کە زۆربەی داهاتەکەی لەسەر سەرچاوەی سروشتی و بە شێوەی ڕانت وەربگرێت، پێی دەوترێت "دەوڵەتی ڕانتییەر". بەڵام تایبەتمەندی جیاوازی دەوڵەتی ڕانتی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە ئەمەیە کە داهاتی نەوتی ئەو وڵاتە پەیوەندییەکی زۆر کەمی لەگەڵ پرۆسەکانی بەرهەمهێنان لە ئابووری ناوخۆییدا هەیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە کاری ناوخۆیی، سەرمایە یان تەکنەلۆژیا ڕۆڵێکی بەرچاو لە داهاتی نەوتی حکومەتدا نییە (میرترابی، ١٣٨٤: ١١٣-١١٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێک لەو تایبەتمەندییە گرینگانەی کە نیوفاشیزمی ڕۆژهەڵاتی (عێراقی بەعسی) لە فاشیزمی ڕۆژئاوایی جیا دەکاتەوە، بوونی دەوڵەتێکی ڕانتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پرۆسەی دەوڵەت- نەتەوە لە ئەورووپی بە شێوەیەکی مۆدێرن لە ساڵانی ١٦٤٨ بەدواوە پێکهات. واتە لە ڕەوتی پێکهێنانی حکومەتە ڕەهاکانەوە تا گەیشتن بە حکومەتی دیموکراتیک (Maass,2017:50). بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرۆسەیەکی لەم چەشنەمان نەبینیوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆربەی دەوڵەتەکان دەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان بوون.

بێ‌گومان نەوت گرینگترین و لە هەمان کاتدا سیاسیترین کاڵای ئابوورییە لە جیهانی ئەمرۆدا. نەوت، وەک سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی، هەمیشە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئاڵووگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتە نەوتییەکاندا هەبووە و یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەسەڵات بووە( Ross,2001: 341). تۆمس فریدمەن لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دەبێژێت نێوان پتربوون و بەرزبوونەوەی داهات و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەگەڵ تاوتوێکردنی چەمکێکی نوێ لە ژێر ناوی Petropolitics لەو وڵاتانەی کە نەوت هەناردە دەکەن و هەروەها ڕەوتی دیموکڕاسی پەیوەندییەکی پێچەوانە لە ئارادایە. بەپێی ئەزموونی مێژوویی، زیادبوونی داهاتی نەوت نەک نەبووەتە هۆی گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانی گشتی بەڵکوو زیاتر بۆ تێچووە سەربازییەکان خەرج کراوە و کوالێتی چەکەکانیان بەرزکردووەتەوە. ئەمەش بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (عێراقی بەعس) بەرچاوە. گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەو وڵاتانەی کە خاوەن زۆرترین داهاتی نەوتین، بەردەوام لێکۆلەرانی ئەم بوارەی ڕووبەڕوویی کۆمەڵێک دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووەتەوە کە خاوەن تاکڕەویی و ئۆتۆریتەی بەرچاون لە پانتایی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا و خۆیان لە پێش هەموو حیزب و لایەنی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنییەکدا دادەنێن. یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکانی سەربەخۆیی حکومەتەکان لە بەرانبەر خەڵکدا و هەروەها لە بواری جێبەجێکردنی سیاسەتی حکومەتی تاکڕەوانەی فاشیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (عەرەب-بەعس) بێ گومان پشتبەستن بە داهاتی نەوتە. بەم شێوەیە داهاتی نەوت نەک تەنیا وەک فاکتەری ئابووری لە ئابووری سیاسیدا ڕەچاو دەکرێت بەڵکوو وەک بگۆڕێکی سەربەخۆ ڕۆڵی جەوهەریش دەگێڕێت؛ بۆیە یەکێک لەو پرسیارانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەوروژێنرێت و لێی دەکۆڵرێتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەیە کە ئایا داهاتی نەوت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بناغەکانی ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە؟ پێدەچێت کۆمەڵگای مەدەنی و بەشداری خەڵک لەگەڵ گەورەتر بوونەوەی دەوڵەتی ڕانتییەر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیوەندی هەبێت. واتە پەیوەندییەک لە نێوان بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت و پەرەسەندنی فاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عێراقی بەعسی)لە ئارادایە. هەرچی داهاتی نەوت وەک ئامرازێک لە دەوڵەتانی ڕانتییەر ڕوو لە زیادبوون بکات زەمینەکانی فاشیزم لەو وڵاتانە زیاتر دەردەکەون و دەبینرێن چونکوو لە دەرەنجامی بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت دەسەڵاتی ئەکتەرانی فاشیستی وەک سەدام زیاتر دەبوو و هەروەها ڕێگە خۆش دەبوو بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ ئەویدی ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزم. ئەمە هەمان ئانتاگونیزمی ژێژەکە کە لە کرادرەکانی سەدام لە بەرامبەر کورد و کەمینە ئایینییەکانی دیکەدا دەبینرا. ئانتاگونیزمی ژێژەک بەم مانایە کە دەبێت ناکۆکی درووست ببێت و ئەویدی پێ سەرکووت بکەیت نەک باس لە جیاوازییەکانی بکرێت. لە عێراقی سەردەمی سەدام ئایدۆلۆژی نیوفاشیزم ئانتاگونیزمی ژێژەکی زەق دەکردەوە و ناکۆکی پێکدەهێنا نەک جیاوازی فۆکۆیی. بۆ نمونە دەکرێت ئاماژە بە ئانتاگونیزیمی بەعس لەسەر ئەنفالکردن و کیماباران و هتد بکەین کە وەک ئایدۆلۆژیاییەکی فاشیستی خۆی نیشان دەدا. هەموو نیشاندەرەکانی نیوفاشیزم بۆ نمونە نیشاندەری دەوڵەتی ڕانتی لە خزمەت جێگیربوونی نیشاندەری گەورەی "نەتەوەی عەرەب"دا بوون.

سەربەخۆیی دارایی حکومەت کە لە ئەنجامی داهاتی نەوتەوە دێتە ئاراوە، دابڕانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا قورستر دەکات و پەیوەندیی هاوبەشی نێوان حکومەت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکات. ڕانتی نەوت ڕێگە بە حکومەتەکان دەدات کاریگەری چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سیاسەتەکانی حکومەت کەم بکەنەوە و بەرنامە خوازراوەکانی خۆیان پێشبخەن. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، دەوڵەتە ڕانتییەرە عەرەبییەکان لە سیاسەتەکانی حکومەت ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن بە نیسبەت جێبەجێکردنی بەرنامە و سیاسەتە ماکرۆکاندا. هەروەها ئامرازە سەرەکییەکانی حکومەت بریتین لە دروستکردنی هەلی کار و دابەشکردنی یارمەتییەکان و پێدانی خاڵە ئابوورییەکان بۆ لایەنگرانی خۆیان، چونکە ڕانتی نەوت بودجەی پێویست بۆ کارکردی ئەم میکانیزمە دابین دەکات(خضري، 1387: 14). ئەم بابەتە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کەخاوەن ئابووری تاک ڕەهەندن، باری ئابوورییان بە پلەی یەک لەسەر داهاتی نەوتە، دەرئەنجامی پێچەوانەی هەیە و لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆرە حکومەتانەشدا مرۆڤ دەتوانێت لەم بابەتە دڵنیا بێت لەوەی کە دەتوانێت بەشداری لە مشتومڕی گشتی و ژیانی سیاسیدا بکات بەبێ ئەوەی هیچ ترسێکی لە داهاتوو هەبێت. ئازادی کاتێک دەتوانێت ڕاستەقینە بێت کە مەرجی ئازادی ئابووری پێشتر دیاری کرابێت. واتە ئازادییە سیاسییەکان کاتێک بەدی دەهێنرێن کە خاوەن بناغەیەکی دارایی و ئابووریی متمانەپێکراو بن. بۆیە هەژموونی حکومەتە ڕانتییەرەکان بەسەر ئابووری و کۆمەڵگای وڵاتانی ڕانتیدا زیاد دەکات و کۆمەڵگای مەدەنی و گەشەسەندنی سیاسی لاواز دەبێت و فاشیزم وەک ئایدۆلۆژیای باڵادەست زاڵ دەبێت.

### ١-١ پەیوەندی نێوان نەوت و دیموکراسی و نیوفاشیزم

پێدەچێت لەو حکومەتانەی کە سەرچاوە داراییەکانیان بە داهاتی نەوت دابین دەکرێن و خاوەن بودجەی بەرفراونترن؛ ئەگەری ئۆتۆریتاریانیزم و پاوانخوازی بەرز ببێتەوە و ڕێگە خۆش ببێت بۆ سەرکووتکردنی نەتەوە ژێردەستەکان. بە پێچەوانە "لەو حکومەتانەی کە سەرچاوە داراییەکانیان بە باج دابین دەکرێن ئەگەری دیموکراسی زیاترە"(خضری و رنانی،1383: 26).
برینگتۆن مۆڕ لە کتێبەکەی بە ناونیشانی " بنەما ئابووریی- سیاسییەکانی دیکتاتۆرییەت و دیموکڕاسی" لە سەر ئەم باوەڕەیە کە بە هاتنی نەوت بۆ ناو ئابووری دەوڵەتی و گەورەبوونەوەی دەوڵەت و هەروەها ڕانتییەر بوونی چالاکییە ئابوورییەکان، چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵک سنووردار دەبنەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ناتەبایی و ناکۆکی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا (مور، ١٣٩٥: ٣١٩). برینگتۆن مۆر وەک زانایەکی سیاسی لێکۆڵینەوەی کردووە لەسەر پەیوەندی نێوان نەوت و دیموکراسیی. مۆر ئاماژەی بەوەدا کە بوونی سەرچاوەی زۆری نەوت دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئاسۆی وڵاتێک بۆ دیموکراسی هەبێت. لە ڕوانگەی ئەوەوە پەیوەندی نێوان نەوت و دیموکراسی ئاڵۆز و فرەلایەنە. شیکارییەکەی مۆر ئەوە دەردەخات کە سامانی نەوت زۆرجار دەبێتە لەمپەر بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسی. مۆر پێیوایە کە ئەو وڵاتانەی کە زۆر پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن، ڕێگری دەکەن لە هەوڵەکانی بەدیموکراتیزەبوون. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان دیاردەی "دەوڵەتی ڕانتی"ە، کە دەوڵەت بەشێکی بەرچاو لە داهاتەکەی لە ڕانتی نەوتەوە وەردەگرێت نەک لە ڕێگەی باجەوە. بە بڕوای مۆر، ئەم مۆدێلە ئابوورییە، دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی بێچم نەگرێت و دیموکراسی سەقامگیر نەبێت. هەروەها ئەم جۆرە ڕژێم-

گەلە لە ڕێگەی داهاتی نەوتەوە هێزە سەربازییەکانیان بەهێز دەکەن و داهاتی نەوت بە شێوەی دادپەروەرانە دابەش ناکەن (سەرچاوەی پێشوو:٣٢٠) لە راستیدا دەتوانین بڵێین داهاتی نەوت لە خزمەت دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ڕانتی و هەروەها ئەو خەڵکانە دەبێت کە پشتیوانی دەکەن لە ئایدۆلۆژی سیاسی دەوڵەتی ڕانتی.

جگە لەوەش مۆر تیشکی خستە سەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەوت لەسەر پەیوەندییەکانی حکومەت و کۆمەڵگا. زۆرجار سەرچاوە داراییە بەرفراوانەکانی داهاتی نەوت ڕێگە بە دەسەڵاتداران دەدات لە ڕێگەی سیستەم و ڕێوشوێنی سەرکوتگەرییەوە کۆنترۆڵی خەڵک بکەن. ئەمەش لە بەرامبەردا فشارە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چاکسازیی سیاسی و لێپرسینەوە لاواز دەکات، هەروەها ڕێگری دەکات لە سەرهەڵدانی پارتە سیاسییە سەربەخۆکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان. بەکورتی مۆر ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندی نێوان نەوت و دیموکراسی ئاڵۆزە و زۆرجار سامانی نەوت ئاستەنگ دروست دەکات لەبەردەم گەشەسەندنی دیموکراسیدا. دیاردەی دەوڵەتی ڕانتییەر و کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر داهاتی نەوت و چڕبوونەوەی دەسەڵاتی ئابووری دەتوانێت دامەزراوە و پرۆسەکانی دیموکراسی لاواز بکات.( سەرچاوەی پێشوو: ٣٢٠-٣٤٥)

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەگەر داهاتی نەوت لەم وڵاتانەدا زیاد بکات، ئەوە دیموکڕاسی لاواز دەبێت. بەم پێیە دەبێت ناوەڕۆکی ئەم گریمانە لە دەوڵەتی ڕانتییەر بدۆزینەوە. ئەگەرچی کۆمەڵێک پێناسە لە سەر دەوڵەتی ڕانتییەر هەیە، بەڵام ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتی ڕانتییەر زەق دەکاتە ئەم پێناسەیە کە ئەو وڵاتگەلەی کە بەشێکی هەرە بەرچاوی داهاتی خۆیان لە ڕێگەی داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکانەوە دابین دەکەن، وەک دەوڵەتی ڕانتییەر پێناسە دەکرێن(Beblawi,2015: 85-98). بەمپێیە دەوڵەتی ڕانتییەر لە کۆمەڵگا خۆی جیا دەکاتەوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە باری سیاسی، کەلتووری و ئابوورییەوە شوناس بە خۆی دەبەخشێت. واتە دەوڵەتی ڕانتییەر چیتر پێویستی بە دەنگی خەڵک نییە و بە ئاسانی ڕێگە بۆ سەرکوتی خەڵک خۆش دەکات.

بە گشتی دەکرێت بڵێین دەوڵەتی ڕانتییەر، ئەو هێزە بە حکومەتەکان دەبەخشێت کە بە ئاسانی ڕێگری دەکات لە پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی، گرووپگەلی فشار و گرووپە ئابوورییە سەربەخۆکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دەوڵەت. ئەم ئاراستەیە ڕێگە خۆش دەکات بۆ سەرکووت کردنی چین و توێژگەلەێک کە خوازیاری دەسەڵات یان دەرکەوتنی شوناسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیانن – هەڵبەت لێرەدا مەبەست وڵاتانی وەک عێراقی سەردەمی بەعسە کە نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکانی تێدا بوو نەک وڵاتانی کەنداو کە ئامانجی فاشیستییان نەبوو- سەرچاوە سرووشتییەکان بە تایبەت نەوت، کە وەک ئامرازێک بۆ بەشداری نەکردنی جڤاکی خەڵک لە ڕەوتی دەوڵەت سازیدا بەکار دەهێنرێت بووەتە هۆی ئەوەی کە دامەزراوەی دەوڵەت لەباتی بە دیموکراتیزەبوونی بەرەو ئۆتۆریتاریازنیزم بچێت. (اسدیان، سایت: hayatenoeco.ir) لەم سەروبەندەدایە کە نیوفاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی لە فاشیزم لە ڕۆژئاوا جیا دەکاتەوە و هێژمونی و پاوانخوازی خۆی لە ڕێگەی داهاتی نەوتەوە بە سەر خەڵکدا دەسەپێنێت. بەم پێیە دەوڵەتە ڕانتییەکان – عێراقی بەعس- ئۆتۆریتەی خۆیان لە ڕێگەی نەوتەوە بە دەست دەهێنن و ئەم کردارەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیکتاتۆرییەت و ئۆتۆریتاریانیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا(Skocpol,1982:273).

هەتا تا ئەو کاتەی دەوڵەتە ڕانتییەکان توانای وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگایان هەبێت بەبێ ئەوەی پشت بە سەرچاوە ناوخۆییەکان ببەستن، پێناچێت دیموکراسی ببێتە پرس و کێشەیەکی گرنگ بۆیان (شکاری، ٢٠٠٩: ٣١). دەکرێت بڵێین هەرچەند داهاتی نەوت لەم دەوڵەتانە بەرز بێتەوە، دیموکراسی لاواز دەبێت و ڕێگە خۆش دەکات بۆ فاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. بۆیە لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئایدۆلۆژییەوە، دەوڵەتی ڕانتییەر وەک یەکێک لە نیشاندەرەکانی (signifier) ئایدۆلۆژی نیوفاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بەعس) خۆی دەردەخات و جێگیر دەبێت. کەواتە نەوت دەبێتە ئامرازێک لە دەستی نەتەوەی باڵادەستدا و نەتەوەی ژێردەستی پێ دەچەوسێننەوە. بەم مانایە کە بە داهاتی نەوت داگیرکەر دەتوانێت کۆمەڵێک ئیمکانیات دەستەبەر بکات وەک بەهێزکردنی دامودەزگای سیاسی و سەربازی، گەشەی دەزگای کەلتووری و هێژمونکردنی زمانی نەتەوەی باڵادەست بە سەر نەتەوەی ژێر دەستدا. بۆ نمونە دەکرێت ئاماژە بە ڕژێمی بەعس لە سەردەمی سەدام حسێن بدەین کە داهاتی نەوت وەک شرعیەت بەخشین بە سیاسەتە فاشیسیتیەکانی دەهاتە هەژمار. بە دەربڕینێکی دیکە نەوت ئامرازێک بوو بۆ خزمەت بە سیاسەتی فاشیستی سەدام. لە ڕێگەی داهاتی نەوتەوە رژێمی بەعس خۆی تەیار دەکرد و دەستی دەدایە سەرکوتی نەتەوە بندەستەکان وەک کورد و ئایینەکانیتر و تەنانەت شیعەکانیش. ئەم سیاسەتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئانتاگونیستی و سەرکوتگەرانەی سەدام لە چوارچێوەی سڕینەوە و داماڵینی شوناسەکانیتر بوو. ئەمە ڕێک زەقکردنەوەی نیوفاشیزمی عەرەبی بەعس بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

### ٢- پیاوسالاری نوێ (The new patriarchy)

پیاوسالاری نوێ جۆرێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای پەیوەندی باوکایەتی نێوان حاکم و خەڵک دامەزراوە. لەم پێکهاتەیە دەسەڵات بە شێوەی ستونی لە سەرەوە بۆ خوارەوە جێبەجێ دەکرێت و نەریتەکان لە کۆمەڵگا بەهێزن. پیاوسالاری نوێ بە کاریگەری وەرگرتن لە هەندێ لە دەرکەوتەکانی مودێرنە و جیهانی نوێ خۆی بەهێز دەکات. بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانی مودێرندا پێکهاتەی پیاوسالار لە باتی گۆڕان و پێشکەوتنی مودێرن تەنیا لە باری فۆرم و یان مودێرنیزاسیۆندا خۆی نواندووە و بە شێوەیەکی ناتەواو خۆی دەردەخات. پیاوسالاری نوێ چی لە باری مودێرنیتەوە و چی لە باری نەریتباوەڕییەوە، هیچ کام لە تایبەتمەندییەکانی هزری مودێرن و نەریتی لە خۆ ناگرن. واتە دەرکەوتەی مودێرنی تێدا دەبینرێت و بەها نەریتییەکانیش نەگۆڕاوە. لە ڕوانگەی هیشام شەرابییەوە کە داهێنەری ئەم تیۆرییەیە " تایبەتمەندی سەرەکی دەروونی-کۆمەڵایەتی ئەم چەشنە کۆمەڵگانە حاکم بوونی دەسەڵاتی پیاو یان باوکە، کە بنەماڵە و هەروەها نەتەوە لە دەوری پێناسە دەکرێت" (شرابی،١٣٨٥: ٣٥). لە نێوان دەسەڵاتدار و خەڵکدا، باوک و منداڵدا، تەنیا پەیوەندی ستونی دەبینرێت. لە هەر دوو شێوازدا دەسەڵات و وەرەی پیاو زاڵە واتە لە بنەماڵە و لە دەسەڵاتی سیاسیدا پەیوەندییەکان لە ڕێگەی ئۆتۆریتە و ئیلزامی باوکی دەسەڵاتدارەوە جێبەجێ دەکرێت. ڕەهەندی مودێرن و پیاوسالاری (نەریتی) لەگەڵ دوالیزمێکی تایبەتدا، بە یەکگرتووییەکی پارادۆکسیکاڵەوە لەگەڵ یەکتر دەژین. تەنانەت نەریت لەگەڵ کۆمەڵێک ئامێری جیهانی مودێرن بە جۆرێک نۆژێن کراون؛ ئەمە ڕێک هەمان مژارە کە هیشام شەرابی لە تیۆری "پیاوسالاری نوێ"دا ئاماژەی پێدەدات. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢٦-٢٧) بۆ نمونە دەکرێت ئاماژە بە هەندێ لە گرووپ و حکومەتی ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدەین کە بۆ دووبارە دەرخستن و نواندنی نەریتەکان لە ئامراز و شێوازی مودێرن کەڵک وەردەگرن .

ئەم کۆمەڵگایە کە هەمان ڕواڵەت و هێماکانی مۆدێرنەی هەیە، خاوەن ڕێکخستن و وشیاری نەتەوەیی نییە کە تایبەتمەندی مۆدێرنە لە خۆ بگرێت(هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣١). ئەو چاکسازی و نوێبوونەوەی کە لە کۆمەڵگای جیهان سێهەم بە تایبەتی وڵاتی عێراق(بەعس) دەبینرێت، بەرهەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشکەوتن و دیموکراسی نییە بەڵکوو پێکهاتە نەریتییەکان لە چوارچێوەی پیاوسالاریدا بەرهەم دەهێنێتەوە. بۆ نموونە دەکرێت لێرە کۆمەڵگای مۆدێرن لە هەندێک خاڵدا لەگەڵ کۆمەڵگای نەریتی یان پیاوسالاری بەراورد بکەین. لە بواری مەعریفە و زانستدا مۆدێرنیتە لەسەر بنەمای عەقڵ دامەزراوە، بەڵام کۆمەڵگای پیاوسالاری لەسەر بنەمای ئەفسانە و بەها کۆنەکان دامەزراوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە مۆدێرنەدا ئاسۆین لە کاتێکدا لە پیاوسالاریدا ستوونییە. پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە یەکەمیاندا لەسەر بنەمای چینایەتییە، بەڵام لە دووەمیاندا لەسەر بنەمای بنەماڵە، خێڵ یان ئایین دامەزراوە.

پیاوسالاری نوێ، سیستمێکی دوو دەوڵەتییە، واتە پێکهاتەیەکی سەربازی-سیاسی شانبەشانی پێکهاتەیەکی پۆلیسی نهێنییە؛ ئەرکی پۆلیسی نەهێنی کۆنترۆڵ و چاوەدێری ژیانی سیاسی، مەدەنی خەڵکە بۆ پارێزگاری لە سیستەمی پیاوسالار. بەم شێوەیە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا هاووڵاتیان نەک بە شێوەی ئاسایی لە ماڤە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەش دە کرێن، بەڵکوو زیندانی ڕاستەقینەی دەوڵەتن و بەر توندوتیژییەکانی دەوڵەتی پیاوسالار دەکەون. لەم بارەوە دەکرێت پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان پیاوسالاری نوێ وەک هۆکارێکی‌تر بۆ فاشیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عێراقی بەعس) بدۆزینەوە. لە ڕاستیدا وەسفکردنی ئەم تیۆرە یارمەتیمان دەدات سەبارەت بە بوونی توخمەکانی نیوفاشیزم، کۆنتێکستی مانابەخشی کۆمەڵایەتی-سیاسی تیۆری نیوفاشیزم زەق بکاتەوە.( هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٢) کەواتە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای پیاوسالاری نوێ ئەوەیە کە پێکهاتەی دەسەڵات ڕەگ و ڕیشەی لە پەیوەندییە قەومی، خێڵی و ئایدۆلۆژیکی داکوتاوە و زانستیش لەسەر بنەمای ئەفسانە و خورافات و هتدە. بۆیە دوانەیی مۆدێرنیتە و پیاوسالاری لە ناکۆکییەکی بەرفراواندا پێکەوە دەژین ( Ariail, and Julia, 2011, 261). بەم پێیە ئەم کۆمەڵە تایبەتمەندییە لە تیۆری پیاوسالار، وێناکەرەوەی فاشیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. کۆمەڵێک نیشاندەر لە ئایدۆلۆژیای فاشیزمی نوێ بە پێی تیۆری پیاوسالاری هەڵدەهێنجێنرێت کە بریتین لە قەومی باڵادەست (عەرەب وەک نەتەوەی باڵادەست...) ئەفسانە، کۆنەپەرەستی و هتد کە هەموویان لە چوارچێوەی نیشاندەری ناوەندی نەتەوەی باڵادەستی پیاوسالار (عەرەب) کۆ دەبنەوە کە پێکهاتەی فاشیزمی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک دەهێنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە نیشاندەری ناوەندی نەتەوەی باڵادەست لە پێش هەموو نیشاندەرەکاندا جێگیر دەبێت و نیشاندەرەکانیتر لە پاش خۆی پۆلێنبەندی دەکات.

### ٣- ناسیۆناڵیزمی ئایینی

بە پێی تیۆری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا و میتۆدی هێماناسی لاکان بۆ ناسینی دیاردەیەکی سیاسی دەبێت بڕوانینە ئەوپەڕێ ماناکانەوە. لێرەدا هەوڵ دراوە بە پێی قسەکانی میشێل عەفلەق وەک بکەرێکی فیکری، حیزبی بەعس، مانا شاراوەکانی ئایدۆلۆژی نیوفاشیزمی عەرەبی دەربخەین و ڕوونی بکەینەوە؛ بەمپێیە لێکدانەوەی ناسیۆنالیستی بۆ ئایین دەرکەوتنێکی ڕوونی نیوفاشیزمی عەرەبییە. ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزمی عەرەبی ناسیۆنالیستی و گشتگیرە، ئیسلام بە بزووتنەوەیەکی سیاسی و ناسیۆنالیستی دەزانێت کە ئامانجی یەکخستنی نەتەوەی عەرەبە(Batatu 1978:212-213). لە ڕاستیدا وەک شارستانیەتێکی عەرەبی چاو لە ئیسلام دەکات نەک ئایینێکی ئاشکرا و ئیلاهی. هەڵوێستێکی وەها کە هەموو عەرەبەکان دەوڵەتێکی عەرەبییان هەبێت و ئیسلام وەک هۆکارێک بناسرێت، بوونی نیوفاشیزم لە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا نیشان دەدات. ئیسلام وەک بزووتنەوەیەک ڕەچاو دەکرێت کە جلوبەرگی عەرەبی لەبەر دەکات، لە ڕاستیدا وەک لقێک لە ئایدۆلۆژیای پانعەرەبیدا ناسراوە. (عفلق، 1975: 125) لەم ڕوانگەیەوە نیوفاشیزمی عەرەبی لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و وەحی، سەیری ئیسلام ناکات، بەڵکوو بە لێکدانەوە و خوێندنەوەی خۆیەوە ئیسلام لە خزمەت ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بەکاردەهێنێت. ئایدیۆلۆگەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایە پێیان وایە ئیسلام دەتوانێت ڕۆحی عەرەبی زیندوو بکاتەوە و هەموو گەلی عەرەب لە ژێر دەوڵەتێکی عەرەبیدا کۆبکاتەوە. پاساوی نیوفاشیستە عەرەبەکان بۆ ئەم پرسە بە پێی قسەکانی عەفلەق لەسەر ئەم بنەمایە کە "خودا ئیسلامی لە خاکی عەرەب و بە زمانی عەرەبیدا نازڵ کردووە، کەواتە ئەمە نیشانەی گەورەیی ڕۆح و نەتەوەی عەرەبە" (هەمان سەرچاوە: ١٢٨). بۆیە دەبێت مرۆڤی عەرەب سەرەتا ناسیۆنالیست بێت و دواتر موسڵمان بێت. ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیایەوە سەیری بکەین، دەتوانین بڵێین مەبەست لەم بابەتە لە پێشبوون و گرینگیی نیشاندەری گەورەی " نەتەوەی عەرەب" بەسەر نیشاندەری "ئیسلام"ە. بۆیە ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبێتە بیر و باوەڕێک کە پێویستە لە خوێن و ڕۆحی هەر مرۆڤێکی عەرەبدا زیندوو ڕابگیرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە میشێل عەفلەق پێغەمبەر(ص) وەک نمونەیەک لە کارەکتەری عەرەبی دەناسێنێت و بە نمونەی

پیاوێکی قارەمانی نەتەوەیی عەرەبی دەزانێت و دەڵێت: "هەموو گەلی عەرەب بە ڕەوشت وەک ئەو بن" (هەمان سەرچاوە: ١٢٦). بەم پێیە بوونی ڕۆحی عەرەب کاریگەری دادەنێت لەسەر پێکهاتنی دەوڵەتی گەورەی عەرەبی کە نەتەوەی عەرەب لە سنووری خۆیدا کۆ دەکاتەوە (Christine,1984). لەم پەیوەندییەشدا دەتوانین ئاماژە بە سەردەمی حەمەڕەزای پاڵەوی بدەین کە جۆرێک تێکەڵەی ناسیۆناڵیزمی ئێرانی و ئایینی شیعە دەبینرا لە سەر ئەوەی کە ئێمە وەک پاشا لە جیلی ئیمام ڕەزا یەکێک لە ئیمامەکانی ئایینی شیعەین و هتد. کەواتە ئەم مژارە بەم مانایە کە سنوورێک لە نێوان ئەویتر و ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئیسلامی دروست دەبێت و هەر هزر و کردارێک لەم بازنەیەدا نەبێت ئەوە سەرکوت دەبێت و دەسڕێتەوە(Al-khalil, 1991:261).

ناسیۆنالیزمی ئایینی لە عێراقدا ئاماژەیە بۆ پتەوکردنی ناسنامەی ئایینی و هەستی ناسیۆنالیستی لە ناو وڵاتی عێراقی سەردەمی سەدام حسێندا. هەتا بیروباوەڕی ئایینی و ناسنامەی نەتەوەیی لەیەکتردا تێکەڵ بن بۆ ئەوەی دیمەنی کۆمەڵایەتی-سیاسی عێراق لەسەر ناسیۆنالیزمێک دابڕێژن کە جلی ئیسلامی لەبەر کردووە و ڕۆحی عەرەبی زیندوو ڕاگرتووە. بۆیە میشێل عەفلەق ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گەشەپێدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بە ڕەهەندە ئایینییەکەیەوە. ناسیۆنالیزمی ئایینی لە عێراقدا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی هزری عەفلەقدا، ڕەگ و ڕیشەی لەو تێگەیشتنەدایە کە شوناس و کولتووری عەرەبی پەیوەندییەکی نزیکیان بە باوەڕی ئیسلامییەوە هەیە. چەمکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی عەفلەق دان بە گرنگی مێژوویی و کولتووری ئیسلام لە جیهانی عەرەبیدا دەنێت و وەک هێزێکی یەکگرتووی عەرەب لێی تێگەیشتووە. لە عێراقدا ناسیۆنالیزمی ئایینی لە ڕێگەی کاریگەریی ئیسلام لە ناسنامەی نەتەوەیی ئەم وڵاتەدا دەبینرێت. ئیسلام لایەنێکی دیار و بەرچاوی کەلتوور و مێژووی عێراق بووە و زۆرینەی خەڵک بە موسڵمان دەزانرێت. لەچوارچێوەی ناسیۆنالیزمی ئایینیدا عەفلەق پێی وایە کە ئیسلام ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی عێراق و ئاراستە سیاسییەکانی.

لە کاتێکدا عەفلەق خۆی بە ڕاشکاوی بانگەشە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی نەدەکرد، بەڵام ئایدۆلۆژیاکەی ڕێگەی دەدا ئایین لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانی ناسیۆنالیستیدا جێگیر بکرێت. ئەو دانی بە گرنگی بەها و هێما ئاینییەکاندا نا لە دارشتنی ناسنامەی عەرەبیدا، هەرچەندە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەرەبی عەلمانی پێشبینی دەکرد. ئەم هەڵوێستە دەنگی دایەوە بۆ زۆرێک لە عێراقییەکان کە هەوڵیان دەدا بیروباوەڕی ئایینی خۆیان لەگەڵ ئایدیاڵە ناسیۆنالیستەکانیاندا بگونجێنن.

لە بارودۆخی تایبەتی عێراقدا، ناسیۆنالیزمی ئایینی بە درێژایی مێژوو بە شێوازی جیاواز دەرکەوتووە. سەدام حوسێن کە لە ساڵی 1979 تا 2003 حوکمی عێراقی کرد، بۆ چەسپاندنی دەسەڵات فۆرمێکی ناسیۆنالیزمی ئایینی بەکارهێنا. خۆی وەک بەرگریکاری بەرژەوەندی عەرەبی سوننە دەردەخست و دروشمی ئایینی بەکارهێنا بۆ ڕاکێشانی زۆرینەی شیعە بەرەولای سوننە و یان ئەوەی بزووتنەوەی شیعی سەرکوت دەکرد، بۆ نمونە بزوتنەوەی سەدر کە لە لایەن سەدامەوە سەرکوت کرا. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییە مێژووییەیە کە سەدام حسێن لە ژێر کاریگەری هزری عەفلەق- وەک تیۆریداڕێژی بەعس- بەدوای چەسپاندنی ئەم ڕوانینە بوو کە ناسیۆنالیزم و ئایین لەگەڵ یەک گرێ بدات.

بە دەربڕینێکی دیکە ناسیۆنالیزمی ئایینی لە عێراقدا کە لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای میشێل عەفلەقدایە، نوێنەرایەتی یەکخستنی بیروباوەڕی ئایینی و شوناسی نەتەوەیی دەکات. ئەم ڕێکخراوە دان بە گرنگی مێژوویی و کولتووری ئیسلام لە جیهانی عەرەبیدا دەنێت و لە هەمان کاتدا پشتیوانی لە چوارچێوەیەکی سیکولار دەکات.

لەوانەیە ئەم بۆچوونەی عەفلەق پارادۆکسیکاڵ ڕەچاو بکرێت بۆ نمونە عەفلەق لە لایەکەوە باسی سۆسیالیزم و سیکولاریزم دەکات و لە لایەکیتروە جلی ئیسلامی لە بەر جەستەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکات. بەڵام ئەم پارادۆکسە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە عەفلەق لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو نیشاندەرەکان لە چوارچێوەی نیشاندەری گەورەی نەتەوەی عەرەب کۆبکاتەوە هەتا "ڕۆحی عەرەب" سەقامگیر بکات. بە جۆرێک کە عەفەلەق وەک نەتەوەی باندەست هەوڵ دەدات کە لە ڕێگەی ئایین یان سۆسیالیزمەوە، شەرعیەتێک بۆ داسەپاندنی زمان و نەتەوەی بان دەست بە سەر نەتەوەی ژێر دەست بدۆزێتەوە و ئایدۆلۆژی نیوفاشیزم حاکم بکات. بۆیە بەپێی تیۆری و میتۆدی ئەم توێژینەوە لێرەدا بە پێی هزری میشێل عەفلەق نیشاندەرەکانی ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزم دەکرێت لە ڕووی گرینگییەوە پۆلێنبەندی بکرێت بۆ نمونە نیشاندەری سۆسیالیزم، سیکولاریزم و دواتر نیشاندەری ناسیۆنالیزمی ئایینی لە دەوری نیشاندەری گەورەی "نەتەوەی عەرەب" لە چوارچێوەی

فاشیزمی نوێی عەرەبی خۆی جیگیر دەکات. گرینگی نیشانەدەری ناسیۆنالیزمی ئایینی لەم توێژینەوەدا بە نیسبەت نیشانەدەری سیکولاریزم و سۆسیالیزمێک کە عەفلەق باسی دەکات لەوەدایە کە لە وڵاتانی وەک ئەڵمانی نازی و ئیتالی موسولینی ناسیۆنالیزمی ئایینی نەبووە هۆی فاشیزم یان وەک نیشاندەری فاشیزمی ڕۆژئاوایی ڕەچاو نەکرا بەڵام لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عێراق بەعسی) ناسیۆنالیزمی ئایینی وەک یەکێک لە نیشاندەرە گرینگەکانی فاشیزمی نوێ دێتە هەژمار.

## دەرەنجام

لەم توێژینەوەدا بە ڕوانگەیەکی چۆنایەتییەوە (Qualitative) تیشکمان خستووەتە سەر مژاری فاشیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەگەرچی لەوانەیە لەم توێژینەوەدا وردبینی پتر نەبینرێت بەڵام خاڵی بەهێزی ئەم بابەتە لەوەدایە کە تازەگری تێدایە و بانگەشەی تیۆرییەکی نوێی لە ئەدەبیاتی هزری سیاسیدا دەکات. واتە فاشیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێناسە دەکات. لەم توێژینەوەدا زەینی ڤەکۆڵەر یان سوبجێکت پەیوەندییەکی دیالیکتیکی سازکردووە لەگەڵ دیاردە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکانی وڵاتی عێراق لە سەردەمی بەعسدا. ئامانجی ئەم توێژینەوە، شیکاری میتۆدۆلۆژیکی ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە (عێراقی سەردەمی بەعس)، بە دەربڕینێکی دیکە نیوفاشیزم لەم ناوچە بەرهەمی زەمینەی کولتووری، ئابووری و سیاسی تایبەت بە خۆیە. بۆیە ئامانج لە نوسینی ئەم توێژنەوە بەکارهێنانی تیۆری و میتۆد (تیۆری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا و میتۆدی هێماناسی ڕەخنەگرانە) بۆ ناسین و وەسفی پێکهاتەی مانایی ئایدولۆژیای نیوفاشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

بە گشتی ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزمی عەرەبی، بەپێچەوانەی فاشیزمی ڕۆژئاوایی کە لە دەرەنجامی قەیرانی سەرمایەداری و لاوازی بۆرژوازی و پشتیوانی جەماوەر سەریهەڵدا(راینهارد ، ١٣٥٨: ٤٨)؛ بەرهەمی سێ نیشاندەری دەوڵەتی ڕانتییەر، پیاوسالاری نوێ و ناسیۆناڵیزمی ئاینییە کە نیشاندەرەکانی دیکەی وەک بزووتنەوە نەتەوەییەکان و هتد هاوشانی سێ نیشاندەری ئاماژەپێدراو، بنەمای پێکهێنانی ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزمی عەرەبییان پێکهێناوە. بۆیە ئەم سێ نیشاندەرە گرینگە کە ئاماژەمان پێدا، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە چەمکی نیوفاشیزمی عەرەبی هیچ پەیوەندییەکی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فاشیزمی ڕۆژئاواییەوە نییە و لە چوارچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتانی عەرەبی (عێراق) و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مانابەخشە.

**خشتە (١) جومگەبەندی ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزمی عەرەبی**





سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عێراق)، هەر لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتە بچووکە عەرەبییەکانەوە، ئایدۆلۆژیای نیوفاشیزمی عەرەبی، کە ئاوێتەیەکی بنەمایی لە ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم (بەتایبەت لە عێراقی سەردەمی بەعس) ، ئایین ، پیاوسالاری و دەوڵەتی ڕانتی بوو، لە هەوڵی پێکهێنانی سۆبجێکت و نەتەوە بە مانا تایبەتەکەی خۆیان بوون. ئەم ئایدۆلۆژیا عەرەبییە کە نیشاندەرە گەورەکەی "نەتەوەی عەرەب"ییە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە بە یەکخستنی نەتەوەی عەرەب، هەموو دەوڵەتەکان لە ژێر سێبەری دەوڵەتێکی عەرەبی گەورەدا درووست بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە گشتی دەکریت ئەم دەرەنجامە بخەینە ڕوو، کۆمەڵێک نیشاندەری هاوبەش و لێکچوو لە نێوان فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فاشیزمی ڕۆژئاوایی هەیە کە لەم توێژینەوەدا ئاماژەی پێنەدراوە، بەڵام بەپێی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە واتە لایەنە جیاوازەکانی ئایدولۆژیایی نیوفاشیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عێراق وەک نمونە) چییە؟ گەیشتووین بەم دەرەنجامە، کە نیشاندەرە جیاوازەکانی فاشیزم لە سەر سێ توخمی سەرەکی کە فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درووست دەکات و لە فاشیزمی ڕۆژئاوایی جودایی دەکاتەوە بریتین لە: یەکەم دەوڵەتی ڕانتییەر، دووەم سیستەمی پیاوسالاری نوێ و سێهەم ناسیۆنالیزمی ئایینی. ئەم سێ لایەنە جیاوازە ەدەبن بە پێناسەیەکی سەرەکی فاشیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی وڵاتی عێراق وەک نمونە.

**خشتە(٢) خاڵە هاوبەشەکانی فاشیزمی ڕۆژئاوایی و نیوفاشیزمی عەرەبی**



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە دەربڕێنێکی دیکە ئەگەر لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئایدۆلۆژیکەوە بڕوانینە ئایدۆلۆژیای فاشیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەرەب- بەعس)، ئایدولۆژیایی نیوفاشیزم تەنیا بە ناسیۆناڵیزمی بان-دەستەوە گرێ نادرێت بەڵکوو بە کۆمەڵێک نیشاندەریتر وەک ناسیۆنالیزمی ئایینی و ئابووری سیاسی دەکرێت پیناسە بۆ ئەم دیاردە بکەین. بۆیە بە پێی تیۆری و میتۆدی ئاماژەپێدراو لەم توێژینەوەدا دەکرێت مانا شاراوەکان لە دەقە هزری و تەنانەت پڕاکتیکاڵییەکانی بەعسدا لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای فاشیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عێراقی بەعسی)لەم قەباری خوارەوە پۆلێنبەندی بکەین:

(١-سەرزەوی نەتەوەی بان‌دەست وەک عەرەب،٢- یەکێتی نەتەوەی بان‌دەست، ٣- ئازادی و سەربەستی بۆ نەتەوەی بان‌دەست، ٣- دژایەتی لەگەڵ شوناسی سیاسی نەتەوە ژێردەستەکان، ٤-دژایەتی لەگەڵ ئایینی نەتەوە ژێردەستەکان و کەمینەکان، ٥- سەربەخۆیی نەتەوەی بان‌دەست،...) لە ڕیزی یەکەمدا جێگیر دەبن. لە ڕیزی دووەمدا (١- دەوڵەتی ڕانتییەر، ٢- ناسیۆناڵیزمی ئایینی ٣-پیاوسالاری نوێ) لە ڕیزی سێهەمدا (١- شارستانییەت گەورەی نەتەوەی بان‌دەست، ٢- شارستانییەتی ئیسلامی نەتەوەی بان دەست بۆنمونە ئیسلامی عەرەب، خەڵیفەکان) جێگیر دەبن. لە ڕاستیدا هەموو ئەم نیشاندەرە ئاماژە پێدراوانە لە دەوری نەتەوەی باڵادەست جێگیر دەبن و شوناس بە فاشیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عێراق بەعسی) دەبەخشن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لیستی سەرچاوەکان:**

به زمانی فارسیی:

کتێبەکان:


1. برینگتون مور. (١٣٩٥). ریشه های اجتماعی دیکتاتوری و دموکراسی، ترجمه حسین بشیریه .تهران، نشر مرکز دانشگاهی.
2. راینهارد کونل. (١٣٥٨). فاشیزم مفر جامعه سرمایه‌داری از بحران، ترجمه منوچهر فکری ارشاد. تهران, نشر توس.
3. شرابی هشام.(١٣٨٥). پدر سالاری جدید: نظریه ای در باره تغییرات تحریف شده در جامعه عرب، ترجمه احمد موثقی. تهران, نشر کویر.
4. شکاری عبدالقیوم. (١٣٧٩). نظریه دولت تحصیلدار و انقلاب اسلامی. تهران، نشر مرکز انقلاب اسلامی.
5. میرترابی سعید. (١٣٨٤). مسائل نفت ایران. تهران، نشر قومس.

گۆڤار و رۆژنامە فارسییەکان:

6. کریمی ایوب. (١٣٩٠). بررسی انتقادی و روش شناختی نظریه نقد ایدئولوژی اسلاوی ژیژک. پژوهش نامه علوم سیاسی، تهران، دوره هفتم، شماره 1. صص ١٣٨-١٥٩.
7. محمد خضري و محسن رنانی.(١٣٨٣). رانت جويی و هزينه هاي اجتماعی آن. ماهنامه مفيد، شماره 45، آذر و دي. ص ٢٦.
8. خضري محمد. (١٣٨٧). رقابت بر سر رانت نفت. روزنامه کارگزاران، 24 آذر .
9. اسدیان احمد. (83/2/5 ). نفت و دموکراسی. نشریه حیات نو اقتصادی، http://www.hayatenoeco.ir/easysearch.aspx

عربی:

10. عفلق میشل. (1975). الجیل العربی الجدید، فی سبیل البعث. دار الحریه للطباعه. الطبعه الرابعه عشر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئینگلیزی:

کتێب:


11 . Slavoj zizek.( 2008). The Sublime Object of Ideology. London, Verso.

12. Helms Moss Christine. (1984). Iraq Eastern Flank of the Arab World. The Brookings Institution, Washington.

13. Tony Myers.( 2004). "Slavoj zizek. London, Routledge .

14. Louis Althusser.( 1999). Selected Texts. London,Longman.

15. AL-Khalil Samir.(1991). Iraq, La machine infernale. Politique de 1 Iraq modern. Edition Jehan- Claude Lattes .

16. Maass Matthias. (2017). Small states in world politics: The story of small state survival. 1648–2016. In Small states in world politics. Manchester University Press.

17. Batatu Hanna. 1978. The Old Social Classes and Revolutionary Movement of Iraq: A study of Iraq's Old landed and Commercial Classes and of its Communists. Ba'thists and Free Officers, Princeton, N.J. Princeton University Press.

18. Beblawi Hazem. (2015). The rentier state in the Arab world. In The Arab State ,Routledge.

19. Terry Eagleton. (1999). Ideology. London, Longman.

20. Thurlow R. (1999). Fascism . England, Cambridge University Press.

21. Louis Althusser. (1998). Ideology and Ideological State Apparatuses. in Cultural Theory and Popular Culture: A Reader, edited by: John Storey, London, Longman.

22. Bryman, Alan. (2016). Social Research Methods. 3rd Ed, Oxford; Oxford University Press.

24. Reed, Isaac Ariail, and Julia Adams. (2011). Culture in the transitions to modernity: seven pillars of a new research agenda. Theory and Society 40.

25. Lacan, Jacques. (1977) [1953], "The Field and Function of Speech and Language in Psychoanalysis", in J.-A. Miller (ed.) Ecrits: A Selection, London: Tavistock Press.

گۆڤارە ئینگلیزییەکان:

26. Carter, Stacy M, and Miles Little. (2007). Justifying Knowledge, Justifying Method, Taking Action: Epistemologies, methodologies, and Methods in Qualitative Research. Qualitative Health Research, Vol. 17.pp, 1316-1338.

27. Ross, Michael . L. (2001). Does oil hinder democracy?. World politics, 53(3).pp 325-361.

28. Harold Suretsky .(1981).The Concept of Ideology and Its Applicability to Law and Literature Studies. Legal Studies Forum, Vol. 4, No. 3.p, 29.

29. Skocpol, Theda. (1982). Rentier state and Shi'a Islam in the Iranian revolution. Theory and society, 11(3).pp, 265-283.

30. Friedman, Thomas .( 2006). The First Law of Petropoltics. Foreign Policy, No.154. p, 28-39.

31. Vighi, Fabio, and Heiko Feldner. (2007). Ideology critique or discourse analysis? Žižek against Foucault. European Journal of Political Theory Vol. 6, No. 2. pp. 141-159.

32. Winfried, Noth,( 2004), "Semiotics of Ideology", Semiotica, issue 148, ¼.p.11.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Phenomenon of Neo-Fascism in the contemporary Middle East - Iraq during the Baath Period as an Example

**Dr. Hawre Mohammad Saleh**
Department of Political Science, College of law and political Science, Nawroz University, Duhok Kurdistan region, Iraq.
Email: hawre.sorkhabi@nawroz.edu.krd

***Keywords:*** ideology, neo-fascism, Middle East, patriarchy, rentier state, religious nationalism.

## Abstract
This article analyzes the "phenomenon of neo-fascism in the contemporary Middle East using Iraq as an example" and presents a new definition of this ideology in the Middle East region based on the theory of "ideology critique" by Slavi Žižek. The main objective of this research is to analyze the semantic system of new fascism in the Middle East (e.g. in Baathist Iraq) and to study the characteristics of this phenomenon as a specific ideology in the Middle East. Analyzing the signifiers according to the social and economic context or the intellectual activity of intellectuals such as Michel Aflaq shows that the new Arab fascism in the Middle East focuses on two basic features: "anti-ethnicity" and "ethnic and racial hegemony." These two characteristics are known to have commonalities with Western fascism and are evident in the ideology of neo-Arab fascism. Moreover, this study focuses on a number of important signifiers, such as the rentier state, patriarchal systems, and religious nationalism in the Middle East, which cluster around the major signifier of the "Arab nation" and form the ideological framework of the new Arab fascism. To reach this conclusion, the semiotic method was used to identify and classify the main meanings of neo-fascism that may not be obvious to the public.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠ ) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ظاهرة الفاشية الجديدة في الشرق الأوسط المعاصر- نظام البعث في العراق انموذجا

**ملخص :**

تتناول هذه الدراسة تحليل "ظاهرة الفاشية الجديدة في الشرق الأوسط المعاصر باستخدام العراق انموذجا" وتحاول هذه الدراسة وضع تعريفًا جديدً لهذه لهذه الظاهرو في منطقة الشرق الأوسط بناءً على نظرية "النقد الإيديولوجي" لسلافي جيجيك. الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو تحليل النظام الدلالي للفاشية الجديدة في الشرق الأوسط (نظام البعث في العراق) ودراسة خصائص هذه الظاهرة كأيديولوجية محددة في الشرق الأوسط. وايضا تحليل الدلالات حسب السياق الاجتماعي والاقتصادي أو النشاط الفكري لبعض الناشطين مثل ميشيل عفلق الذي يظهر أن الفاشية العربية الجديدة في الشرق الأوسط تركز على سمتين أساسيتين: "معاداة العرق" و "الهيمنة العرقية والعنصرية". ومن المعروف أن هاتين الخاصيتين لهما قواسم مشتركة مع الفاشية الغربية و هما واضحتان في أيديولوجية الفاشية العربية الجديدة. بالإضافة إلى ذلك ، تركز هذه الدراسة على عدد من الدلالات المهمة، مثل الدولة الريعية، والأنظمة الأبوية، فضلا عن القومية الدينية في الشرق الأوسط، والتي تتجمع حول الدال الكبير لـ "الأمة العربية" وتشكل الإطار الأيديولوجي للفاشية الجديدة في الشرق الأوسط، ولغرض الوصول إلى هذا الاستنتاج، تم استخدام المنهج السيميائي لتحديد وتصنيف المعاني الرئيسية للفاشية الجديدة والتي قد لا تكون واضحة للجمهور.